# زمانی یاسا، ئاریشە و چارەسەر "پەرلەمان و دامەزراوە دادوەرییەكان بەنمونە"

شێركۆ حەمەئەمین قادر[1]

[1] بەشی زمانی كوردی، كۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت، زانكۆی هەڵەبجە، هەرێمی كوردستان، عێراق

**پوختە**

زمانی یاسا بابەتێكی ورد و تایبەتە، لە هەر دو ڕوی زمانی و پسپۆڕییەوە، بە تایبەت لە هەرێمی كوردستاندا توێژینەوەی كەم و سنورداری لەبارەوە نوسراوە، كە كێشەی بەرچاوی هەیە. بەڵام ئەم بابەتە گرنگیی زۆری هەیە و پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتییانەوە هەیە. دەشێت هەر هەڵە لێكدانەوەیەک بۆ دەقە یاساییەكان لە ڕوی زمانەوانییەوە ژیان یان ئازادیی كەسێک بخاتە مەترسییەوە. بۆیە تیشكخستنەسەر ئەم بابەتە زۆر گرنگە و پێویستە زاراوەكان زۆر ورد بن و بە تەواوی ئامانجی خۆیان بپێكن. كۆی ئەمەش پەیوەندیدارە بە زمانی ستاندارد و فەرمیی دەوڵەتەوە، كە پێویستە یاساكانی ڕێزمان و دروستنوسین تێیاندا پەیڕەو بكرێت. ئەم توێژینەوەیە بە ڕێبازی وەسفیی شیكاری هەوڵی دەستنیشانكردنی كێشەكان و خستنەڕوی چارەسەر دەدات، پشتبەستو بە شیكردنەوەی چەند دەقێكی یاسایی كە پێكهاتون لە كۆمەڵێک نوسراوی فەرمیی دامودەزگاكانی هەرێمی كوردستان لە نمونەی پەرلەمان، ئەنجومەنی دادوەری و دادگاكان. توێژینەوەكە لە دو بەش و ئەنجام پێكهاتووە، بەشی یەكەم كە زیاتر لایەنی تیۆریی توێژینەوەكەیە. زمانی نوسین، زمانی گشتی و تایبەتی، زمان بەپێی زانست و بوارەكان و تایبەتییەكانیان بە نمونەی پێویستەوە خراونەتە ڕو. لە سەرەتای بەشی دووەمدا كورتەیەكی مێژویی هەیە و زمانی یاسایی و پێناسە و تایبەتییەكانی باسكراون، پاشان لە ئاستی ڕێنوس و پەیوەندیی ڕێنوس و واتا، ئاستی ڕێزمان و گرنگیی ڕێزمان لە دروستنوسین و پاشان زاراوەكان و لە ڕوانگەی تایبەتییەكانی زمانی یاساوە شیكراونەتەوە. سودمان لە تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوە بۆ شیكردنەوەی لایەنی ڕێزمانی نمونەكان وەرگرتووە، لە كۆتاییشدا ئەو ئەنجامانەی بەدەستهاتون و لەگەڵ پێشنیاز و لیستی سەرچاوەكان خراونەتەڕو.

**وشە سەرەكییەكان:** پەرلەمانی كوردستان، زاراوەی یاسایی، زمانی گشتی و تایبەتی، زمانی یاسا، شیكردنەوەی زمانەوانییانە

## ١. پێشەكی

وەک چۆن زمان لە پەیوەندیی ڕۆژانەی نێوان مرۆڤەكان ڕۆڵی دروستكردنی پەیوەندی و ئەنجامدانی كردەی تێگەیشتن دەبینێت و ئەمەش بەئەركێكی سەرەكی زمان دادەنرێت، هەر بەو جۆرەش ڕۆژانە لە دامەزراوە فەرمییەكان و دادگاكاندا كاری پێدەكرێت و كێشەكانی پێ یەكلایی دەكرێتەوە. سەرباری پاڵپشتیی دەستوری و یاسایی مافی بەكارهێنانی زمانی كوردی لە سەرانسەری عێراقدا، بەڵام هێشتا وەک پێویست لە چەند دامەزراوەیەكی دادوەریدا بەكارناهێنرێت و لەو شوێنانەشی بەكاردێت لە هەمو ئاستەكانی زماندا زمانەیاساییەكە كێشە و ئاریشەی بەرچاوی هەیە، كە ئەمە لەبری ئەوەی خزمەتی زمانەكە بێت، لە شكۆی زمانەكەی داوە و تائێستا زمانێكی یاسایی پتەو دروستنەبووە، بەمەبەستی دەستنیشانكردنی كێشە و ئاریشەكان و خستنەڕوی چارەسەر و پێشنیاز ئەم توێژینەوەیە ئەنجامدراوە، كە بەسەر دو بەش و چەند پارێكدا دابەشكراوە ورێبازی وەسفی_شیكاری پەیڕەوكراوە، نمونە و داتاكان لە نوسراوی فەرمیی دامەزراوەكانی هەرێمی كوردستان و توێژینەوەكانی پێشتر وەرگیراون، كە پشتبەستو بە ڕێبازی بەكارهاتو و ڕاستییەكانی زمانی كوردی شیكراونەتەوە و كەموكورتییەكان دەستنیشانكراون و پێشنیاز و چارەسەری گونجاو خراونەتەڕو.

### ١.١ زمانی نوسین:

زمانی نوسین، هەمان زمانی قسەكردنە، كە ئاخێوەرانی زمانێک بەكاریدێنن، بەڵام خۆبەستنەوە و وابەستەیی بە ڕێزمانی زمانەكەوەی زیاتر تێدایە. ئەگەرچی لە هەندێک زماندا جیاوازی گەورە لە نێوان زمانی نوسین و ئاخاوتنی ئاساییاندا هەیە، بەڵام زمانی كوردی تا ئەندازەیەكی زۆر زمانی قسەكردن و نوسینی جوت و وەک

گۆڤاری زانكۆی كۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و كۆمەڵایەتییەكان، بەرگی ٤، ژمارە ١ (٢٠٢١)
ڕێككەوتی: وەرگرتن ٢٢ تەمموز ٢٠٢١؛ پەسەندكردن: ٣٠ ئاب ٢٠٢١
توێژینەوەی ڕێكخراو: لە ٢٧ كانوونی یەكەم ٢٠٢١ بڵاوكراوەتەوە
ئیمەیڵی توێژەر: sherkohamaamin@gmail.com
مافی چاپ و بڵاوكردنەوە © ٢٠٢١ شێركۆ حەمەئەمین قادر، گەیشتن بەم توێژینەوەیە كراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp83-90

یەکن، لە هەندێ کردتاندن و بابەتی تردانەبێت، بەمپێیە دەتوانیین، تایبەتییەکانی زمانی نوسین، بەمجۆرە دیاریبکەین:

١. بە تەواوی یاساکانی ڕێزمان و ڕیزبونی کەرەستەی تێدا پەیڕەودەکرێت.

وەک: دەریا بەیانی بۆ زانکۆ دەچێت. لە زمانی کوردیدا، بەپێی یاساکانی ڕیزبونی کەرەستە، لە کاتی بونی زیاتر، لە ئاوەڵکردارێکدا، ئاوەڵکرداری کات پێش ئاوەڵکرداری شوێن دەکەوێت، وەک لە نمونەیەکدا پەیڕەوکراوە.

٢. خاڵبەندی و دروستنوسی و یاساکانی ڕێنوسی زمانەکەی تێدا پەیڕەودەکرێت، بۆ نمونە پێویستە وشەی لێکدراو تا ئەو جێیەی بوار هەیە، بەسەریەکەوە بنوسرێت، وەک: دیاکۆ دەستکێشی بەدیاری بۆ دیلان هێناوە.

لەم نمونەیەدا، یاساکانی ڕێنوس و خاڵبەندی هەردوکیان جێبەجێکراون، بەوەی وشەی لێکدراوی (دەستکێش) بەسەریەکەوە نوسراوە، نەک بەجیا (دەست کێش)هەروەها یاسای خاڵبەندی زمانی کوردیش جێبەجێکراوە.

٣. پێچەوانەی زمانی قسەکردن، زمانی جەستە، لە زمانی نوسینیدا بەکارنایەت، واتە جوڵەکانی دەم و دەست و چاو و ڕوخسار نابینرێت، چونکە مامەڵە، لەگەڵ دەقدا دەکرێت.

٤. لە کاتی خوێندنەوەدا هێز و ئاوازە و وەستان بەکاردێت و ڕۆڵیش، لە واتا گۆڕیندا دەبینێت.

نوسین بریتییە لەو هەوڵەی مرۆڤ بۆ پاراستنی قسە و ئەرشیفی تۆماری خۆی داویەتی، لەگەڵ قسەکردندا دو شێوەی یەک زمانن (فتاح، ٢٠٠٨، ٢٢١).

لە ناو زمانی نوسینیدا دەکرێت زمانی گشتی و تایبەتی بەپێی پسپۆری و زانستەکان، وەک زمانی نوسینی دەقە فەلسەفی و زانستییەکان، لە یەکتری جیابکرێتەوە، هەر بەو جۆرە زمانی بواری یاساش جیادەکرێتەوە و تایبەتی خۆی هەیە.

### ٢.١ زمانی گشتی و تایبەتی:

زمانی گشتی مەبەستمان، لەو زمانی نوسینەیە کە بەلای زۆرینەی خەڵک و بەکارهێنەرانەوە ئاسایی وەربگیرێت و بتوانن لێی تێبگەن، بۆ نمونە زمانی ڕاگەیاندن، لەگەڵ ئەوەی دەبێت بە یاساکانی زمانەوە پەیوەست بێت، بەڵام زمانێکی سادەیە و هەمو کەس لێی تێدەگات، چونکە ئامانجی ڕاگەیاندن ئەوەیە، بە زۆرینەی خەڵک بگات و ڕای گشتی دروستبکات.

ئێمە دەزانیین، ڕۆژانە زانستەکان بەرەوپێش دەچن و بەرەو پسپۆری ورد دەڕۆن، هەر زانست و پسپۆرییەکیش خاوەنی وشە و زاراوە و دەربڕینی تایبەتی خۆیەتی، واتە زمانی پسپۆری و بوارە تایبەتییەکان، لە زمانی گشتی جیاوازە، لە ڕاستیدا زانست قەرزاری زمانە، چونکە خودی زمان هۆکاری هەڵگرتن و گواستنەوە و فێربونی زانستەکان و پسپۆرییەکانە.

لەم ڕوانگەوە زمانی تایبەتی دروست دەبێت، کە هەر بوارێکی زانستی و پسپۆرییەک بەپێی تایبەتی و زاراوەکانی و بەکارهێنەرانی جیادەبێتەوە، وەک زمانی یاسا، فیزیا، کیمیا، فەلسەفە ... تاد، هەریەکەیان تایبەتی و زاراوە و فەرهەنگی خۆیان هەیە و لە بوار و پسپۆرییەکی تر جیاوازە، لەو ڕاستییەوە ئەم توێژینەوەیە، بۆ زمانی یاسا تەرخانکراوە، کە پسپۆرییەکی تایبەت و ورد و تاڕادەیەک ئاڵۆزە .

### ٣.١ زمان بەپێی زانست و بوارەکان:

زمان بەکارهێنانێکی گشتییە و کۆی زار و شێوەزارەکان دەگرێتەوە، واتە وەک چۆن هەمو زمانێک، لە ژمارەیەک زار و شێوەزاری جوگرافی پێکهاتووە، هەر بەو جۆرەش، لە ڕوانگەی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵیشەوە زارە کۆمەڵایەتییەکان جیادەبنەوە، بۆ نمونە زمانی کوردی چوار زار (دیالیکت)ی جوگرافی تێدایە:

١. زاری کرمانجی ژورو

٢. زاری کرمانجی ناوەڕاست

٣. زاری کرمانجی خوارو

٤. زاری گۆران بڕوانە ( حەمەخورشید، ٢٠٠٨، ٤١)

کۆمەڵی کوردیش، وەک هەر کۆمەڵێکی جیهان جیاوازی کۆمەڵایەتی، چینایەتی، توێژی جیاواز، پیشە و پسپۆری جیاوازی تێدایە، بۆیە هەر یەکێک لە مانەش شێوازی ئاخاوتن و قسەکردنی تایبەتی خۆیان هەیە، کە بەزاری کۆمەڵایەتی دادەنرێت.

ئەم دابەشکردنە، ئەگەر لەسەر بنەمای جوگرافی و کۆمەڵایەتی بێت و بواری قسەکردن بگرێتەوە، ئەوا لە زمانی نوسینیشدا، دەتوانرێت زمانی گشتی و تایبەتی جیابکرێتەوە.

زمانی نوسین لە ئاستی گشتیدا زیاتر لە بواری ڕاگەیاندندا بەکاردێت، چونکە ئامانجی گواستنەوەی زانیاری و پەیام و گەیشتنە بە زۆرترین وەرگر و دروستکردنی ڕای گشتی، بەڵام زمانی تایبەتی بەپێی پسپۆرییەکان هەریەکەیان هەڵگری تایبەتی خۆیانن.

بۆ نمونە، ئەو زمانەی دەقێکی زانستی پێ دەنوسرێت جیاوازە لەو زمانەی دەقێکی ئەدەبی یان فەلسەفی پێ دەنوسرێت. ئەمانە بەپێی ناوەڕۆک و شێوازی نوسینیان بۆ (پەخشانی زانستی و پەخشانی ئەدەبی) جیاکراونەتەوە (ڕەسوڵ، ١٩٨٩، ١٣٣).

کەواتە، وەک چۆن زمانی زانستەکان جیاوازن، کە ئاشکرایە دابەشکردنەکە لەسەر بنەمای پسپۆری و بابەتەکانە، بەو جۆرە بواری یاساش پسپۆرییەکی تایبەتە و زاراوە و شێوازی تایبەتی خۆی هەیە و زمانێکی تایبەتی خۆی هەیە، کە لە بەشی دووەمدا دەیخەینەڕوو.

## بەشی دووەم

### ١.٢ سەرەتا:

ئەم بەشە، لە چەند پارێک پێکدێت، سەرەتا کورتە مێژویەکی لایەنی یاسایی بەکارهێنانی زمانی کوردی دەخەینەڕو، پاشان زمانی یاسا و تایبەتییەکانی باسدەکەین، دواتر ئاریشەکانی زمانی یاسا لە ئاستە جیاوازەکان، بەشیکردنەوەی نمونەکان پیشاندەدەین و پێشنیازی چارەسەریش دەخەینەڕو.

### ٢.٢ لایەنی مێژویی:

دەوڵەتی عێراق لەکاتی دروستبونیدا لە ساڵی ١٩٢١دا تەنیا دانی بە زمانی عەرەبیدا ناوە، دواتر ساڵی ١٩٣١ دوای دەرچونی یاسای زمانە ناوچەییەکان، لە مادەی ٢ دا دەڵێت زمانی دادگاکان زمانی کوردی دەبێت، بەڵام وەک پێویست کەڵک لە یاساکە وەرنەگیراوە. پاش ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی کۆماری عێراق گەرچی دانییان بەبونی گەلی کورددا ناوە، بەڵام بەلای بابەتی زماندا نەچون، پاش ئەمەش دەستوری ساڵی ١٩٧٠، کە ڕژێمی بەعس دایناوە، و دووەم دەستوری بو، دانی بەوەداناوە کە زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبیدا لە ناوچە کوردییەکاندا زمانی فەرمییە، کەچی ئەم یاسایەش وەک پێویست جێبەجێنەکراوە. لە دوای ڕوخانی

ڕژێمی بەعس ساڵی ٢٠٠٣ دەستوری کاتی بەناوی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت دەرچو، لە ماددەی ٩ هاتووە، زمانی کوردی و عەرەبی دو زمانی فەرمین لە سەرانسەری عێراق. هەر ئەمە بو بە بنەما بۆ دەستوری هەمیشەیی عێراق و لە ماددەی ٤ هەمان شتی دوبارەکردۆتەوە، پەرلەمانی کوردستانیش لەبەر ڕۆشنایی ئەو ماددەیەی دەستوردا ساڵی ٢٠١٤ یاسای ژمارە ٦ یاسای زمانە فەرمییەکانی لە هەرێمی کوردستاندا دەرچواندووە. (عومەر و ئەمین، ٢٠٢١، ١٩-٢٣).

بەپێی یاسای زمانە فەرمییەکان زمانی کوردی لە دامەزراوەکانی هەرێم و دادگاکانیش زمانی فەرمییە. لە ماددەی ٤ یاساکەدا هاتووە کە "پرۆژە یاسا و بڕیار و پەیڕە و ڕێنماییەکان لە هەرێمدا بەزمانی کوردی دەردەکرێن و ئامادەدەکرێن" (یاسای ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠١٤، سایتی پەرلەمان).

کەچی توێژەر (هۆگر محمود فەرەج) بەبێ هیچ بەڵگەیەکی نوسراو دەڵێت: "لە پەرلەمانی کوردستاندا قانون و بڕیارەکان بەزمانی عەرەبی دادەڕێژرێن و دواتر بۆ زمانی کوردی وەردەگێڕن" (فەرەج، ٢٠٢١، ٩٠) ئەم بابەتە بنەمای یاسایی و زانستی نییە و لە پەرلەمانی کوردستاندا وەک لە ماددەی ٤ یاسای ژمارە ٦ ساڵی ٢٠١٤ یاسای زمانە فەرمییەکاندا هاتووە، یاسا و بڕیارەکان بەزمانی کوردی دەردەکرێن و ئامادەدەکرێن.

### ٣.٢ زمانی یاسا:

وەک لە سەرەوە خستمانەڕو بەپێی زانست و بوار و پسپۆرییەکان، زمان تایبەتی وەردەگرێت و بە زمانی ئەو بوارە ناودەبرێت، لەم ڕوانگەوە زمانی یاسا دەخەملێت، کە جێگەی بایەخی ئەو کەسانە بووە، لە بواری دادوەریدا کاریانکردووە، بە تایبەتیش توێژەرانی بواری یاسا گرنگی زۆریان پێداوە، لە ڕوی مێژوییشەوە بابەتێکی کۆنە و قۆناغی جیاوازی بڕیوە، تا بە ئێستا گەیشتووە.

لە سەردەمی حامورابی و ڕۆمانییەکانەوە بۆ سەرەمی (جان جاک ڕۆسۆ، مۆنتیسکیۆ) بایەخی پێدراوە. بە تایبەتی مۆنتسکیۆ، لە بەرهەمی (ڕۆحی یاساکان)دا باسی زمانی یاسای کردووە و پەرەی پێداوە.

بێگومان، وەک سەرجەم بوارەکانی تر دوای دۆزینەوەی چاپ و بڵاوبونەوەی هۆکارێکی گرنگی پێشکەوتنی بواری یاسا و زمانی یاساش بوە، ئەمەش لە بواری دامەزراوەکانی یاسادانان و چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵ و ژیانی شارستانی دەرکەوتووە پێشکەوتووە.

لێکۆڵینەوە و دەرخستن و ناساندنی زمانی یاسا زیاتر خستنەڕو و شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان زمان و یاسایە، بەگشتی تا سەردەمی سەرهەڵدانی کۆزمانەوانی و دەرنەکەوتنی پەیوەندی نێوان زمان و زانستەکانی تر و کۆی کایە کۆمەڵایەتییەکان هەر یەک لە زمان و یاسا وەک دو بواری جیاواز لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کراوە، بەڵام دوای سەرهەڵدان و پێناسەکردنی چەمکی زمانی یاسا ئێستا هەر دوکیان وەک دو دیاردەی پەیوەست بەیەکتری سەیردەکرێن و شیکردنەوەیان لەبارەوە دەکرێت، لەم ڕوانگەوە زمانی یاسا: "چەپکە نیشانەیەکی دەربڕپەوی لایەنی کۆمەڵایەتی و مێژوییانەی سەرەتاکانی دروستبونی مرۆڤەکانن و هاندەرن بۆ داڕشتنی دەقی یاسایی وەک ئامرازێکی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و پۆلکردنی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان" (عوسمان و محەمەد ئەمین، ٢٠٢١، ١٥٩).

وردبونەوە لە پێناسەکە و شیکردنەوەی، ئەوەمان بۆدەردەکەوێت، کە زمانی یاسایی هاوشانی پێشکەوتنی کۆمەڵ و سەرهەڵدانی ڕێکخستنی ژیان و کایە جیاوازەکانی سەریهەڵداوە، چونکە خودی یاسا ئامرازێکی ڕێکخستنی کۆمەڵە، هەر بۆیە دەبێت زمانی دەقی یاسایی خزمەتی ئامانجی باڵای یاسا بکات، کە ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگایە. زمان و یاسا ئەوەندە بەیەکدادەچن، بە جۆرێک "هەمو سیستەمە یاساییەکان بریتین لە هەندێک تایبەتمەندی زمانەوانی پێشکەوتو، کە لە زمانی ئاسایی جیاوازن." (Tiersma and Solan, 2012, 13)

یان زمانی یاسا زمانێکی پسپۆڕی وەرگیراوە لە بواری یاسا وەک زانستێکی تیۆری چالاکییەکی کارەکی، کە حوکمە یاسایی و بویەرە یاساییەکان و پەیوەندی یاسا و ناوەندە یاساییەکان بە زمانەوە دەنوێنێت. ئەو ڕاستییە یاساییەکان بەزمانێک دەنوێنێت کە هاوتەریبی ئیرادەبێت هەر کاتێک ڕاڤەی دەقە یاساییەکان بکرێت، لەگەڵ ئیرادەی جێبەجێکردنیان جوتبێت.

### ٤.٢ تایبەتییەکانی زمانی یاسا:

زمانی یاسایی بەوە جیادەکرێتەوە، کە سروشتی تایبەتی خۆی هەیە و هەر ئەو تایبەتییانەش لە دەقی نوسراوی تری جیادەکاتەوە، گرنگترین ئەو تایبەتییانەش ئەمانەن:

١. ڕونی: یاسا ئامرازی ڕێکخستنی کۆمەڵە بۆیە پێویستە زمانی نوسینی دەقەکانی ڕونبن و ناڕونی و فرەلێکدانەوە هەڵنەگرن، "خۆ ئەگەر هەر ئامرازێکی ناڕونیشی تێدابێت، ئەوا دەبێت بونی بۆ مەبەستێکی یاسایی بێت" (عوسمان و محەمەد ئەمین، ٢٠١٢، ١٦٦) تایبەتی ڕونیش, بەهۆی کەرەستەکانی زمانەوە دەنوێنرێن.

٢. وردێتی: پێویستە زمانی داڕشتن و نوسینی دەقی یاسایی وردبن و شاشی و ناڕێکی داڕشتنیان تێدانەبێت، چونکە یاسا بۆ جێبەجێکردنە و سزای تێدایە، ئەم تایبەتییەش بەهۆی کەرەستە زمانییەکانی وەک ناو، دەربڕاوی ناوییەوە بەدیدێت.

٣. نالێڵی: لێڵی دیاردەیەکی زمانی وەچەئاستی واتایە و هەمیشە دو واتایی و فرەواتایی بەرهەمدێنێت و بەهۆی دەوروبەرەوە نامێنێت، دەقی یاسایی نابێت لێڵی تێدابێت و پێویستە دەربڕاوە زمانییە بەکارهاتووەکان یەک واتا و لێکدانەوە هەڵبگرن، زمانی دەقی یاسایی بەهۆی نواندنە سینتاکسی و داڕشتنەکانەوە ئەم ئامانجە بەدیدێنێت.

٤. گشتی: زمانی دەقی یاسایی پێویستە گشتی و ڕونبێت، چونکە یاسا بەسەر تەواوی کۆمەڵ و ئاستی گشتیدا جێبەجێدەکرێت، ناکرێت بەجۆرێک بێت توانای تێگەیشتن و لێکدانەوەیان نەبێت، واتا زمانی دەقی یاسایی دەبێت پڕاوپڕی دەقە یاساییەکان بێت. (عوسمان و محەمەدئەمین، ٢٠١٢، ١٦٧).

ئەم تایبەتییانە پێویستە لە دەقی یاساییدا بەشێوەیەکی نمونەیی هەبن و لەڕێی کەرەستە زمانییەکانەوە بنوێنرێن ئەمەش لەکاتی لێکدانەوە و شیکردنەوەی دەقە یاساییەکاندا دەردەکەوێت.

### ٥.٢ ڕەوشی زمانی کوردی لە دامەزراوە فەرمییەکاندا (پەرلەمان و دادگاکان) وەک نمونە:

ڕاستە زمان لە چێوەی گشتیدا هۆیەکە بۆ لێکگەیشتن و ئاڵوگۆڕی زانیاری و بیروڕا لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵ و کردەی پەیوەندی بەجێدەگەیەنێت، بەڵام زمان هەر ئەم ئەرکەی نییە و هاوکات ناسنامەی نەتەوەییە و هۆیەکی مانەوەی نەتەوەشە، بەتایبەتی بۆ ئێمەی کورد کە لەگەڵ نەتەوەکانی فارس و عەرەب و تورکدا خاڵی هاوبەش و پێکەوەبیان زۆرە، هەر لەو ڕوانگەوە لە دەستور و بڕیارەکانی دەوڵەتی عێراقدا مافی بەکارهێنانی زمانی کوردی سەلمێنراوە، دواهەمینیان ماددەی ٤ی دەستوری هەمیشەیی ساڵی ٢٠٠٥ی عێراقە، کە زمانی عەرەبی و کوردی بە دو زمانی فەرمی لەسەرانسەری عێراقدا داناوە، (زمانی عەرەبی و کوردی دو زمانی فەرمین لە عێراقدا،

مافی سەرجەم عێراقیەکان پارێزراوە لە فێرکردنی رۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان وەک تورکمانی و سریانی لە دەزگاکانی فێرکردنی دەوڵەتدا بە پێی یاسا پەروەردەییەکان، یان بە هەر زمانێکی دیکە لە دەزگاکانی فێرکردنی تایبەتدا.) (دەستوری عێراق، ٢٠٠٥)، هەر لەو روانگەیەشەوە پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە ی ساڵی ٢٠١٤ی یاسای زمانە فەرمییەکانی لەهەرێمی کوردستاندا دەرکردووە.

لەگەڵ ئەو راستییانە و پاڵپشتی دەستوری و یاسایی زمانی کوردی، بەڵام هێشتا لە تەواوی دامەزراوە دادوەرییەکانی هەرێمی کوردستاندا بەکارنایەت و لەو شوێنانەشی کە بەکاردێت، لە هەردو ئاستی تایبەتییەکانی زمانی یاسا و ڕیسا زمانییەکانەوە کێشە و گرفتی هەیە، لەم بەشەدا و لەوەچە پارەکانی دواییدا لە روانگەی تایبەتیی زمانی دەقی یاسایی و بنەما زمانییەکانەوە دەقە یاساییەکان شیدەکەینەوە، چونکە "زمانی یاسا زمانەوانییانە دادەڕێژرێت، بۆیە دەبێت زمانەوانییانەش لێکبدرێتەوە" (محەمەدئەمین، ٢٠١٥، ١٨)

## یەکەم: پێوەری تایبەتی زمانی دەقی یاسایی

وەک لە ٢-٤دا تایبەتییەکانی دەقی یاساییمان خستەڕو لێرەدا و بەوردبونەوە لە دو نوسراوی فەرمی پەرلەمانی کوردستان و دادگای سلێمانی ئاستی پەیڕەوکردن و نەکردنی ئەو بنەمایانە دەخەینەڕو:

**١. بەشی پێنجەم/ دەرماڵەکان:**

"ماددەی (٥): پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران گشت دەرماڵەکان لەبەر رۆشنایی یاسا بەرکارەکان، بەشێوەیەکی دادپەروەرانە رێک بخاتەوە" (یاسای ژمارە ٢ ساڵی ٢٠٢٠ سایتی پەرلەمان).

ئەگەر سەیری ئەم ماددەیەی یاساکە بکەین و لەگەڵ هەر چوار تایبەتی زمانی داڕشتنی دەقی یاسایی بەراوردییبکەین، ئەوا ئەم سەرنجانە دەخەینەڕو:

١. تایبەتی رونی: ئەم ماددەیەی یاساکە رون نییە و دیارنییە کام دەرماڵە و کێ دەگرێتەوە و کێ ناگرێتەوە و یاسا بەرکارەکان چۆن جێبەجێدەکرێن؟ بۆ کەسێکی ئاسایی کە یاساکە دەیگرێتەوە تێگەیشتن لە ماددەکە ئاسان نییە.

٢. تایبەتی وردێتی: ئەم تایبەتییەش رەچاونەکراوە بەوەی دەربڕاوی ئاوەڵناوی (دادپەروەرانە) بەکارهاتووە، کە بواری تێگەیشتنی رێژەیی تێدایە نەک تێگەیشتنی بەرجەستە، کە بۆ دەقی یاسایی زۆر پێویستە.

٣. تایبەتی گشتی: زمانی داڕشتنی ماددەکە زۆر گشتی و بڵاوە و دیارنییە کام چین و توێژ و فەرمانبەر دەکەونە بواری جێبەجێکردنی یاساکەوە و بواری تێگەیشتن قورسکراوە و توانای لێکدانەوەی جۆراوجۆری بە دەقەکە داوە، کە هەمویان لەسەر کردەی تێگەیشتن کاریگەری نەرێنییان دەبێت.

٤. تایبەتی نالێڵی: لێڵی زمانی، دیاردەیەکی رێزمانییە و بەهۆی کەرەستە زمانییەکانەوە دروستدەبێت و بەهۆی دەوروبەرەوە دەرەوێتەوە، دەقی یاسایی زۆر پێویستە رونبێت و لێڵی تێدانەبێت، چونکە لێڵی ڕاڤە و تێگەیشتنی جیاواز بەرهەمدێنێت، کە بۆ دەقی یاسایی پێویست نییە و ئەوانەی یاساکە دەیانگرێتەوە ناتوانن بە ئاسانی تێیبگەن.

بەمجۆرە دەبینین لە روی تایبەتییەکانی زمانی دەقی یاساییە وە هەر چوار تایبەتی بەرێژەی جیاواز پشتگوێخراوە و پەیڕەونەکراون.

**٢. ماددەی دووەم، سێیەم:** "ئەو کەسەی بەکردارەکی نیشتەجێیی ئەو خانووەیە کە بەزێدەرۆیی دروستکراوە، یان میراتگرە شەرعییەکانی، یان ئەوانەی بە حوکمی یاسا بە بەخێوکردنیان ڕاسپێردراون. داوایەکی نوسراو پێشکەش بکەن" (یاسای ژمارە ٣ ساڵی ٢٠١٩ سایتی پەرلەمان)

وردبونەوە لە نمونەی ژمارە (٢) کە ماددەیەکی یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٩ی پەرلەمانی کوردستانە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە:

١. تایبەتی رونی پەیڕەونەکراوە، بەوەی بۆ کەسێکی ئاسایی دیارنییە، کە ئەوانەی بەپێی یاسا ڕاسپێردراون بۆ بەخێوکردن کێن؟ بەمە نارونی لای ئەوکەسانە دروستدەبێت، کە یاساکە دەیانگرێتەوە.

٢. لێڵی، وەک تایبەتییەکی تری زمانی یاسایی پەیڕەونەکراوە، بەوەی لە کۆتایی ماددەکەدا دیارینەکراوە ئەو کەسەی یاساکە دەیگرێتەوە داواکارییەکەی پێشکەشی کام لایەنی حکومەت بکات، سەرۆکی یەکەی کارگێڕی یان شارەوانی یان فەرمانگەی تاپۆ؟ ئەمە لێڵی دروستکردووە و پێویستبو، لە رێی فرێزێکی پێشناوی یان داڕشتەیەکی سینتاکسییەوە، بە ناوهێنانی لایەنی پەیوەندیدار ئەو لێڵییە برەوێنرایەتەوە و تایبەتی زمانی یاسایی نالێڵی پەیڕەوبکرایە.

## دووەم: ڕێنوس:

پێش ئەوەی نمونەکان شیبکەینەوە لەبارەی گرنگی ڕێنوس لەڕوانگەی واتاوە یان پەیوەندی نێوان ڕێنوس و واتا هەندێک سەرنج دەخەینەڕو، لەزمانی کوردیدا بەهۆی ئەوەی نوسین و خوێندنەوە جوتن شێوازی نوسین کاریگەری لەسەر جیاوازی واتایی دروستناکات، بەپێچەوانەی زمانەکانی (ئینگلیزی، فەرەنسی، عەرەبی) بۆنمونە وشەکانی:

پشدەر : پژدەر

پێشمەرگە : پێژمەرگە

بەهەر دو رێنوسەکە هەمان واتایان هەیە و جیاوازی رێنوس کاریگەری لەسەر گۆڕانی واتاکانیان دروستناکات، بەڵام لەزمانەکانی (ئینگلیزی، فەرەنسی، عەرەبی) جیاوازی رێنوس کاریگەری لەسەر گۆڕانی واتایی دەبێت، زمانی کوردی لە گۆکردندا بەتایبەتی فۆنیمی ناکەرتی (هێز و ئاواز) گۆڕانی واتایی دروستدەکات. ئەویش لەڕێنوسدا دەرناکەوەن، وەک:

١. دێیت؟ (ئایا دێیت لەگەڵمان؟ بەرزکردنەوەی دەنگ)

٢. دێیت. (من دەزانم کەدێیت، بۆخوارەوە)

٣. دێیت (بتەوێت یان نەتەوێت هەر دێیت، ئاسایی) (فتاح، ٢٠١١، ٢٢٢) (فتاح، ٢٠١٠، ٤٢)

واتە جیاوازی رێنوس لە کوردیدا جیاوازی واتا و شیکردنەوەی جیاواز بەرهەمناهێنێت، کە بۆ زمانی داڕشتنی دەقی یاسایی زۆر گرنگە، بەڵام پێویستە پەیڕەوی ئەو رێنوسە نیمچە یەکگرتوە بکرێت.

دوای ئەوەی لەپێشودا و لەتایبەتییەکانی زمانی چەند نمونەیەکی دەقی یاساییمان لە روانگەی تایبەتییەکانی زمانی یاساوە شیکردەوە، ئێستا لەڕوانگەی رێنوس و داڕشتنی زمانی و پەیڕەکردنی یاسا زمانییەکانی زمانی کوردییەوە نمونەکان شیدەکەینەوە:

**٣. ماددەی ٣ی یاسای ژمارە ١ ساڵی ٢٠١٩**

"یەکەم: بەدەر لە حوکمەکانی ماددەی دووەم لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە ١ ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان-عێراق سەرۆکێک بۆ هەرێم هەڵدەبژێرێت بەو دەسەڵاتانەی کە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عێراقدا هەیە، تا پەسەندکردنی دەستوری کوردستان-عێراق، کە تێیدا شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و دەسەڵاتەکانی دیاری دەکرێت و

سەرۆک لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەش نوێنەرایەتی هاووڵاتیانی کوردستان-عێراق دەکات و بە ناویانەوە دەدوێت و هەماهەنگی لە نێوان دەسەڵاتە فیدراڵییەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێمدا دەکات." (یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٩ سایتی پەرلەمانی کوردستان).

بەگشتی زمانی دارشتنی ئەم دەقە یاساییە باشە، بەڵام دروستەیەکی وەک (دیاری دەکرێت) کە کردارێکی لێکدراوە و لە دو کەرتی: ناو/ دیاری + کرداری بنەرەتی/ دەکرێت

پێکهاتووە، پێویستە بەسەریەکەوە بنوسرێت، چونکە "وشە تەکخراوەکان، کە لە بنەرەتدا دروستەیەکی سینتاکسین، بەڵام پاش بەلێکسیمبونیان و بونیان بەیەک وشەی سەربەخۆی واتا چەسپاو، بون بە وشە و تایبەتی سینتاکسییان لەدەستداوە و لە فەرهەنگدا وەکو یەک کەرەستە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت" (سەعید، ٢٠١٥، ٩٦).

ئەم دیاردەیە بە گشتی لە مادده و برگەکانی تری یاسا و بریارەکانی پەرلەمانی کوردستان و دامەزراوە دادوەرییەکانی هەرێمی کوردستاندا چەندبارە دەبێتەوە، کە پەیوەندی بە نەبونی سەلیقە و شارەزایی زمانییەوە هەیە و پێویستە ئەم کەلێنە پربکرێتەو و پێش بڵاوکردنەوەی یاساکان پێویستە بدرێتە چەند زمانەوانێکی بەسەلیقە بۆئەوەی پێیداچێنەوە. بەهەمان شێوە و لە ماددەی ٤ی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٩ ئەم وشە بەلێکسیمبوانە دەبینرێت، کە بەسەریەکەوە نەنوسراون و وەک یەکەیەکی سەربەخۆ مامەڵەیان لە گەڵدا کراوە: یەکلایی دەکاتەوە : یەکلاییدەکاتەوە، بەدەست هێنا : بەدەستهێنا.

**٤.** با لە نوسراوی ژمارە ٣١٤٠ب/ ٢٠١٩ دادگای بەرایی ٣ی سلێمانی وردبینەوە، کە لەگەڵ نوسراوەکانی تردا لە کۆتایی توێژینەوەکەدا داماناناوە: وشەکانی (سەرنجی دا، حوکمی دەرکرد، تێروانینی کرد ...) بەمشێوەیە نوسراون، بەڵام دەبێت وەک لێکسیمێکی سەربەخۆ و بەسەریەکەوە بنوسرێن، بەمشێوەیە: (سەرنجیدا، حوکمیدەرکرد، تێروانینیکرد ...)

**٥. ماددەی ٤ی یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠١٤**

"یەکەم: دانانی بنەما و رێسای کارپێکراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنەکان و راپرسییە گشتییەکان کە لە سەرتاسەری کوردستان-عێراقدا ئەنجام دەدرێن بۆ زامن کردنی جێبەجێکردنی بەشێوەیەکی بێگەرد و دادپەروەرانە." (یاسای ژمارە ١٠ ساڵی ٢٠١٤ سایتی پەرلەمان). دوای خوێندنەوە و سەرنجدان لە نمونەی ژمارە (٥) ئەم سەرنجانە دەخەینەرو:

١. هەردو دروستەی (ئەنجام دەدرێ) و (زامن کردنی) لە روانگەی ئەو راستییە زمانییەی کە لە نمونەی (٣)دا خستمانەرو، پێویستبو بەسەریەکەوە و وەک یەکەیەکی سەربەخۆ بنوسرانایە، بەمشێوەیە:

ئەنجامدەدرێن، زامنکردنی .....

٢. هەر لە روانگەی ئەو راستییەوە و لەو ماددەیەدا دارێژەری یاساکە هەردو دروستەی (جێبەجێکردن) و (بێگەرد)ی بە دروستی نوسییوە، ئەمەش پەیرەوکردنی دو سیستمی دروستنوسینە، کە دەبێت یەکێکیان راستبن، ئەویش نوسینی بەسەریەکەوەیە.

ئەم نمونانە و زۆری تریش کە لە یاسا و بریاری پەرلەمان و دادگا و دامەزراوە دادوەرییەکانی هەرێمی کوردستاندا بەدیدەکرێن، پێویستیان بە راستکردنەوە و دروستنوسینە لە پێناو دەقێکی پتەو و پەیرەوبەندی یاساکانی زمانی کوردی، کە خزمەتی بەرەوپێشبردنی زمانی یاسا و نوسینی فەرمیش دەکات.

**سێیەم: رێزمان:**

زمانی نوسین، زمانێکی دەستوربەندە و پێویستە بەتەواوی یاسا رێزمانییەکانی تێداپەیرەوبکرێت، بەتایبەتی زمانی تێکستەیاساییەکان بەهۆی هەڵەی رێزمانی کاریگەری لەسەر تێگەیشتن لەدەقەکان و کاریگەری حوکمەکانیان لەسەر ئەوانەی بەسەریاندا جیبەجێدەکرێت دروستدەکات، بۆیە گرنگە پەیرەوی یاسا رێزمانییەکان بکرێت، چونکە "رێزمان پێشاندانی جۆری پەیوەندی نێوان کەرەستەکانی زمان و چۆنیەتی لەیەکدانیانە لەناو چوارچێوەی رستەدا" (ئەمین، ٢٠٠٤، ١٤٨).

دوای نیشاندانی گرنگی رێزمان و نمونەکان و خستنەروی تێبینییەکان لەبارەیانەوە لەم خاڵەدا چەند نمونەیەکی نارێکی رێزمانی و پەیرەونەکردنی یاساکانی رێزمانی کوردی دەخەینەرو:

**٦. ماددەی یەکەم: یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٤**

"ماددەی یەکەم: برگەی دوازدەیەم لە ماددەی (دەیەم)ی ئەم یاسایە هەمواردەکرێت، و بەمشێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

پاش ناونانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، کاندیدی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران رادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی وزاری لە ماوەیەکدا کە لە (٣٠) رۆژ تێپەرنەکات." (یاسای ژمارە ١ ساڵی ٢٠١٤: سایتی پەرلەمان)

دوای وردبونەوە لە نمونەی ژمارە ٦ و بەراوردکردنی بە بنەماکانی ریزبونی کەرەستە لە رستەی زمانی کوردی و یاساکانی رێزمانی کوردی دەبو، بەمجۆرە دابرێژرایە:

"پاش ناونانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، کاندیدی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پێکهێنانی کابینەی وزاری رادەسپێرێت، لە ماوەیەکدا کە لە (٣٠) رۆژ تێپەرنەکات."

لەبەرئەوەی کردار لە زمانی کوردیدا دەکەوێتە کۆتایی رستەوە و ریزبونی بکەر، بەرکار، کردار پەیرەودەکرێت، چونکە "لە رێی پێدانی رۆڵی بابەتانە لە ئاستی قوڵ و بەخشینی دۆخی رێزمانییەوە لە ئاستی روکەشدا، بەجێکەوتەکانی رستە بەپێی رێسای SOV ریزبونی بکەر - بەرکار- کرداری رستەکان هاتۆتەئاراوە" (مەحوی، ٢٠٠١، ٤) ئەمە یاسایەکی تایبەتی زمانی کوردییە و پێویستە لە زمانی نوسینی فەرمیدا پەیرەوبکرێت.

**٧.** "زانکۆ تایبەتەکان بۆیان هەیە، لە ئەنجامدانی تاوتوێکردنەوەی زانستی و پراکتیزەکانی و راهێنانی قوتابیان پشت بەبستێت بەلایەنە تایبەتمەندەکانی فەرمانگەکانی هەرێم و کەرتی تایبەت لەدوای وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەت" (کوردستان، ٢٠١٤، ٥٣).

زمانی دارشتنی ئەم ماددەیە یاساکە چەند کێشەیەکی رێزمانی هەیە، ئەگەر پەیرەوی تەواوی یاساکانی زمانی کوردی بکرایە، ئەوا زمانی دارشتنی دەقەکە رونتر دەبو، کە بۆ کردەی تێگەیشتن و گەیاندنیش ئاسانتر دەبو، بەمجۆرە:

١. پەیرەوی یاسای رێککەوتنی بکەر و کردا لە کەس و ژمارەدا لە زمانی کوردیدا نەکراوە: زانکۆ تایبەتەکان: بکەر/ کۆ بەڵام پشت بەبستێت: کردار/ تاک. دەبو کردارەکەش کەسی سێیەمی کۆبێت (پشتببەستن)، چونکە "لە کرمانجی خوارودا بکەر و کردار لە کەس و ژمارەدا رێکدەکەون، واتە بکەر لە چ کەس و ژمارەیەکدابێت کرداریش جێناوێکی لکاوی سەر بەهەمان کەس و ژمارە

وەردەگرێت، واتە جوڵاندنی کلیتیکەکان دیاردەیەکی ئێرگەتیڤییە" (حسەین، ٢٠١٢، ٧٦)

٢. پەیڕەوی یاسای ڕیزبونی کەرەستەکانی ڕستە نەکراوە و کردار لە کۆتاییدا دانەنراوە. پێویستە ماددەکە بەمجۆرە دابڕێژرێتەوە، کە بەتەواوی لەگەڵ یاساکانی ڕێزمانی کوردیدا دێتەوە:

دووەم: زانکۆ تایبەتەکان لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت بۆیان هەیە، بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی زانستی و پراکتیکییەکان و ڕاهێنانی قوتابیاندا پشت بەلایەنی تایبەتمەند و فەرمانگەکانی کەرتی تایبەت ببەستن.

## چوارەم: وشەڕۆنان و زاراوەکان

زمان لە ژمارەیەک کەرەستەی سنوردار هەمیشە بەهۆی یاساکانی زمانەکەوە دەتوانێت لەگەڵ پێویستییەکانی ڕۆژگار و پێشەکەوتنەکاندا تەریب بڕوات و بەرهەمداری و وشە و زاراوەی نوێ بۆ دیاردە و مەبەستە نوێکان دابتاشێت یان وەربگرێت، ئەمەش زەنگینی و بەرهەمداری زمان دەردەخات، کە پەیوەستی چەند ڕێگایەکی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی و تەسکبونەوە و فراوانبونی واتایی و وەرگرتن و وەرگێڕان و چەند ڕێگایەکی تر کە هەریەکەیان خاوەنی ڕێگای تایبەتی خۆیانن و بەهۆیانەوە زمان بەردەوام لە گەشە و فراوانبونی فەرهەنگەکەیدایە و زمانەکانی جیهانیش هەر بەمشێوەیە فەرهەنگەکەیان بەرەوپێش دەبەن و دەوڵەمەندیدەکەن.

دانانی زاراوە و هەڵبژاردنیان بەپێی بوار و پسپۆڕییەکان و زانستەجیاوازەکان و یەکخستن و لێکۆڵینەوەلێیان هۆکاری پەیدابونی (زانستی زاراوەسازی)ین، دانانی زاراوە لەهەمو زمانێکدابەچەند ڕێگایەکی گشتی و تایبەتی دەبێت، کەلەگەڵ تایبەتی زمانەکەدا دێنەوە و هاوکات کێشەی خۆشی هەیە، لەم بارەوە (عەبدوڵا، ٢٠١٣، ١٧-٢٧). با لەم ڕوانگەوە سەرنجی چەند نمونەیەکی داتاشینی زاراوە لە یاساکانی پەرلەمانی کوردستاندا بدەین و لەبەر ڕۆشنایی یاساکانی وشەڕۆنانی کوردیدا هەڵیانسەنگێنین:

**٨. ماددەی سی و چوار یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١٣**

"پازدەم: داواکردنی چونەدەرەوە لە دامەزراو بەبێ یاوەری هیچ کەسێک لە کەسوکاری ئەگەر ماوەی چونەژورەوەی زۆرەکی کۆتایی هاتبێت پاش وەرگرتنی پلان بۆ چاودێریکردنی لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە."

وردبونەوە لە زمانی داڕشتنی ئەم ماددە یاساییە لە ڕوانگەی یاساکانی وشەڕۆنانی زمانی کوردییەوە ئەم ڕاستییانەمان بۆدەردەخات:

١. ژمارەی پلەیی (پازدەم) کە لە ڕوی فۆڕمەوە داڕێژراوە پەسەند نییە و دەبێت بە فۆڕمی (پازدەهەم/ پازدەیەم) بنوسرێت، چونکە بە یاسای مۆرفۆلۆجی (ژمارە + پاشگر) دروستبووە. (حاجی مارف، ١٩٩٨، ٩٥).

٢. لە بری وشەی داڕێژراوی (دامەزراو)، کە دوای ڕۆنانی بە یاسای (قەد+ پاشگر) کە پۆلی ئاوەڵناوی کراوە، (کەرەمی، ٢٠١٧، ١٥٣) دەبێت (دامەزراوە) بێت کە لە بەرانبەر (المؤسسة)ی زمانی عەرەبیدایە و وەک زاراوەیەکی یاسایی کارگێڕی بەکاردێت.

٣. وشەی داڕێژراوی (زۆرەکی) کە لە بەرانبەر (الاجباري)ی زمانی عەرەبیدا بەکارهێنراوە وشەی (خورتەکی) گونجاوترە بەکاربهێنرێت، کە هەمان واتا دەدات و تاڕادەیەکی زۆریش ڕۆیشتووە، ئێستا هەردو وشەی (سەرپشکی، خورتەکی) لە بەرانبەر (الاختياري، الاجباري) دا بەکاردێن.

**٩. ماددەی یەک یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٩**

"ماددەی (١) یەکەم: زێدەڕۆکار، بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە، ئەو کەسەیە کە بەکردارەکی ............"

وشەی (زیدەڕۆکار) یان (زیادەڕۆکار) کە بەفۆرمی (زیادەڕەوکار)یش بەکاردێت، دروستەی مۆرفۆلۆژییان بریتییە لە هەر سێ کەتیگۆری ئاوەڵناو و کردار/ ڕەگی کردار و ناو بەمشێوەیە: زیادە/ زێدە + ڕۆ/ڕەو +کار زێدەڕۆکار

(ئەم یاسایە: ئاوەڵناو + ڕەگی کردار + ناو) یاسایەکی ڕیزپەڕە و وشەی تر بەو یاسایە و بەو فۆرمە لە زمانی کوردیدا بەرچاوناکەوێت، ئەمەش واتە هەڵەی داڕشتن، چونکە توانستی مۆرفۆلۆژیی قسەپێکەرانی زمانی کوردی لە دروست دارشتنی وشەکاندا کار بەیاسا-جڵەوگری زمان دەکات. (ئەحمەد، ٢٠٠٩، ٦). ئەم وشەیە نازانرێت چۆنە و لە کام دەروازەی فەرهەنگیدا تۆماربکرێت؟ بەڵام هەردو وشەی زێدەڕۆیی و زیادەڕۆیی، کە وشەی زێدەڕۆیکاریان لێوەرگیراوە، پشتبەستن بە توانستی مۆرفۆلۆجی و یاساکانی لاگرلکاندن لە داڕشتنی وشەی نوێدا دروستن و بەیاسای:

(ئاوەڵناو + ڕەگی کردار + لاگر) (زێدە +ڕۆ + یی) دروستبون و لە ڕوی واتاییەوە و بەپێی دەروبەر بۆ هەردو مەبەستی ئەرێنی و نەرێنی بەکاردێن و خاوەنی تایبەتی و دەروازەی فەرهەنگی خۆیەتی و لەگەڵ سەلیقەی قسەپێکەرانی زمانی کوردیدا دێتەوە و لە ڕوی فۆرمەوە دروستە.

**١٠. ماددەی ١٥ی برگەی سێیەم یاسای ژمارە ساڵی ٢٠٢١**

"سێیەم: بانەوانیکار، لەو ماوەیەی لە گرێبەستی بانەوانیی دیاریکراوە و ڕەزامەندی دەسەڵاتی تایبەتمەندی لەسەر دراوە پابەندی دروستکردنی بیناکاریی دەبێت."

وردبونەوە لەم برگەیەی ماددەی پازدەهەمی یاساکە دەمانگەیەنێتە ئەوەی، کە ڕۆنانی زاراوەی (بانەوانیی) و (بانەوانیکار) لەبەرانبەر هەردوو زاراوەی (مساطحە) و (مساطح) یەکەمیان دروستە و بانەوانیی لەگەڵ یاساکانی مۆرفۆلۆجیی کوردی و سەلیقەی قسەپێکەرانی زمانی کوردیدا دێتەوە، چونکە (توانستی مۆرفۆلۆژیی قسەپێکەرانی زمانێک لە سەلیقەی زمانییان لە بارەی دروستە مۆرفۆلۆژییەکان و دروستداڕشتنیاندا دەردەکەوێت). (ئەحمەد، ٢٠٠٩، ٥). هەر لە ڕوانگەی ئەو زانیارییە و بەرەچاوکردنی یاساکانی دروستداڕشتنی وشە لە زمانی کوردیدا ڕۆنانی وشە/زاراوەی (بانەوانیکار) لە بەرانبەر (مساطحە) هەڵەیە و دروست نییە، وەک چۆن (شارەوان، گوندەوان، باخەوان ....) ڕاستن، چونکە بەیاسای:

ناو + گیرەکی داڕشتن دروستبون (ئەحمەد، ٢٠٠٩، ٧٧)، بەڵام (شارەوانیکار، گوندەوانیکار، باخەوانکار ....) هەڵەن، ئەمانە خۆیان ناوی بکەرن پێویست ناکات جارێکیتر بە پاشگر لکاندن بکرێنەوە بەناوی بکەر، کە لەڕێزماندا شتی ئاوا نییە، و لەگەڵ توانستی مۆرفۆلۆژیی قسەپێکەرانی کورد و یاساکانی داڕشتنی وشەی زمانی کوردیدا نایەنەوە، هەر بەو جۆرە (بانەوانیکار) هەڵەیە و (بانەوان) دروستە چونکە قسەپێکەرانی زمانێک پەیوەست نین سەرجەم وشەکانی زمانەکەیان لەبەربێت، کە دەیزانن، توانستیان ئەو ئەدگارەی تێدایە، کە تەحەکوم بکات بە یاساکانەوە بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێ و لەیەکدانەوەی واتای وشە نوێیەکان یان نەبیستراوەکان، کە ڕوبەڕویاندەبێتەوە. (Katmab, F. & Stonman، ٢٠٠٦، ٥)

**١١. برگەی حەڤدە - ماددەی سی وچوارەم یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١٣**

"شازدەهەم: پاراستنی لەوە سودهێنانی ئابوری و سێکسی و لە ئازاردانی جەستەیی و دەرونی و مامەڵەی ڕیسواکار" (کوردستان، ٢٠١٤، ١٢١).

وشەکانی (الاستغلال) و (المهين) بەزمانی کوردی (وەسودهێنان) و (ڕیسواکار)یان بۆ بەکارهاتوە، ڕاستە وەسودهێنان بۆ الاستغلال لە دەوروبەری تردا بەمانای

الاستغلال بەکاردێت، بۆنمونە: ئۆتومبیلەکەی بۆخۆی ئیسغلالکردووە. واتە بۆ سود و بەرژەوەندی خۆی بەکاریدێنێت، بەڵام لەم دەقە یاساییەدا کە دەوروبەرێکی زمانی دیاریکراوی بۆ دروستبووە، بەواتای (چەوسانەوە) بەکارهاتووە، واتە لەبری وەسودهێنان زاراوەی چەوسانەوە گونجاوتر و پرمەبەست و واتادارترە. (تاڵەبانی، ٢٠٠٩، ٤٧). هەر لەو دەقەدا لەبری (ڕیسواکار) زاراوەی (ئابڕوبەر) تەواوتر و دروستترە، کە لەگەڵ مەبەستی دەقەکە و یاسادانەردا دێتەوە، واتە پێویستبو زمانی دارشتنی دەقەکە بەمجۆرە بێت:

"شازدەهەم: پاراستنی لە چەوسانەوەی ئابوری و سێکسی و لەئازاردانی جەستەیی و دەرونی و مامەڵەی ئابڕوبەر."

**١٢. برگەی یازدەهەم لەمادەی سی وچوار یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١٣**

"یازدەهەم: تەزەلوم کردن لەهەر ڕێکاریک بەپێی ئەو ڕێسا و ڕێکارانەی ڕێنماییە دەرکراوەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دیاریان دەکات."

زاراوەی (التزلم) هەر بە ڕێنوسی کوردی و بەهەڵەی ڕێنوسیشەوە نوسراوەتەوە، لە کاتێکدا هەر دوو زاراوەی (بەرپێگرتن) و (تانە) لەبەرانبەریدا بەکاردێن و مەبەست و واتای تەواویش دەگەیەنن، بەمپێیە دەقەکە دوای چاککردنی هەڵەی ڕێنوسی و ڕێزمانی و زاراوە بەمجۆرە دادەڕێژرێتەوە:

"یازدەهەم: بەرپێگرتن/ تانە لەهەر ڕێککاریک بەپێی ئەو بنەما و ڕێککارانەی ڕێنماییە دەرکراوەکان بۆ جێبەجیکردنی ئەم یاسایە دیاریپیاندەکات."

**پێنجەم: بەکارهێنانی زمانی عەرەبی و جوتزمانی:**

سەرباری بونی پاڵپشتی دەستوری و یاسایی (دەستوری هەمیشەیی عێراق ساڵی ٢٠٠٥، یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە ٦ ساڵی ٢٠١٤) پەرلەمانی کوردستان کەچی تا ئێستا بەکارهێنانی زمانی کوردی بەتایبەتی لە دامەزراوە دادوەرییەکان و دادگاکاندا وەک پێویست بەکارناهێنرێت، بە دیاریکراوی باڵاترین دادگای هەرێم کە دادگای پێداچونەوەیە هەمو بریار و ڕێ وشوێنەکانی بە زمانی عەرەبییە.
زۆر لە دادگاکان بریار و ڕێوشوێنەکانیان بەزمانی عەرەبین یان لەناو یەک دەق یاساییدا هەردو زمانی کوردی و عەرەبی بە تێکەڵی بەکاردێنن، کە ئەمەش دیاردەیەکی ناپەسەندی (جوتزمانی)یە، وەک نوسراوەکانی کە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دامناون.
بەمجۆرە و دوای شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی نمونەکان بەپێی تایبەتییەکانی زمانی یاسا و بنەما و یاساکانی ڕێزمانی کوردی و وەرگێڕان و دانانی زاراوەکان توێژینەوەکە ئەوەی سەلماند کە زمانی یاسا لە دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێم و دادگاکانیشدا کێشە و ئاریشەیان لە ئاستی زمانی دارشتن و ڕێزمان و زاراوەکان و بەکارهێنانی زمانی کوردیدا هەیە و پێویستە چارەسەربکرێت، کە لە ئەنجام و کۆتایی توێژینەوەکەدا وەک پێشنیازخراونەتەڕو.

## ٣. ئەنجام و پێشنیازەکان

گرنگترین ئەنجام و پێشنیازەکان بەمجۆرە دەخەینەڕو:

### ١.٣ ئەنجامەکان

١. سەرباری پاڵپشتی دەستوری و یاسایی وەک مافێکی بەکارهێنانی زمانی کوردی، بەڵام تا ئێستا لە بەشێکی دامەزراوە دادوەرییەکان زمانی کوردی بەکارنایەت، بە تایبەتی دادگای پێداچونەوەی هەرێم سەرجەم ڕێککارەکانی بەزمانی عەرەبییە. لەو شوێنانەشی زمانی کوردی بەکاردێت، لە هەمو ئاستەکانی زماندا زمانی یاسایی بەرێژەی جیاواز کێشەی هەیە.
٢. تایبەتییەکانی زمانی یاسایی زۆر بە کەمی لە دارشتنی دەقەکاندا پەیرەوەدەکرێت، ئەمەش لێڵی دروستدەکات و کێشە بۆ خەڵک دروستدەکات.
٣. بەکارهێنانی جوتزمانی واتە کوردی و عەرەبی لە یەک دەق یاساییدا کێشەیەکی تری زمانی یاسایە.
٤. کێشەی زاراوە یان بەکارهێنانی زاراوەیەک بە واتایەکی دور لە مەبەستی دەقەکە گرفتێکی تری ئەم بوارەیە.

### ٢.٣ پێشنیازەکان

١. یان ئەکادیمیای کوردی بۆ بەهێزبکرێت و چاودێری پرسی زمان و دانانی سیاسەت و پلانی زمانی بەتەواوی ڕوبەڕوبکرێتەوە، یان کۆمسیۆنێکی بەداواداچونی زمان دابنرێت، بەڵام سەرەتا دەبێت زمانی یەکگرتوو یان فەرمی لە هەرێمی کوردستاندا یەکلاییبکرێتەوە و بریاریلێبدرێت.
٢. ئەنجومەنی دادوەری و ئەکادیمیای کوردی و زانکۆکان پێکەوە سەنتەرێکی دانان و وەرگێرانی یاسایی بۆ زاراوەیاساییەکان و نوسراوی فەرمی و وەرگێرانی یاساکان دابمەزرێنن، کە شارەزای زمانەکان و پسپۆری یاسایی و زمانزانی تێدابێت.
٣. ماددەی ٤ی دەستوری هەمیشەیی عێراق و یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠١٤ پەرلەمانی کوردستان جێبەجێبکرێن.

## ٤. لیستی سەرچاوەکان


تاڵەبانی، ن، ٢٠٠٩، فەرهەنگی قانونی، لە بڵاوکراوەکانی کتێبجانەی سارا.

حاجی مارف، ئ، ١٩٩٨، ڕێزمانی کوردی وشەسازی، ژمارە و ئاوەڵکردار، بەغدا: بەرگی یەکەم.

خورشید، ف، ح، ٢٠٠٨، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی، سلێمانی: چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەرەم.

ڕەسوڵ، ش، ١٩٨٩، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، هەولێر.

سەعید، م، ل، ٢٠١٥، فەرهەنگ و پرۆسەی بە لێکسیمبوون، سلێمانی: نامەی ماستەر: زانکۆی سلێمانی.

عبداللە، ڕ.، ن. ٢٠١٣، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازیی کوردی، سلێمانی: چاپی دووەم .

عومەر، ش، ح، ٢٠١٢، پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا، سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.

عومەر، ش، ح، لەتیف، م، ٢٠٢١، زمانی دادگاکان لە هەرێمی کوردستاندا، سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی خانی و دەزگای مارگرێت.

فتاح، م، م، ٢٠١٠، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات .

فتاح، م، م، ٢٠١١، زمانەوانی، هەولێر: چاپی سێیەم، ئەکادیمیای کوردی .

فەرەج، هـ، م، ٢٠١٢، ڕەچاوکردنی زمان ئەرکی لە پێشینەی پەرلەمانی هەر گەلێکی زیندوە، سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی خانی و دەزگای مارگرێت.

کەرەمی، س، ٢٠١٧، وشەناسی زمانی کوردی، سنە: زانکۆی کوردستان.

مەحوی، م، ٢٠١٤، مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان، سلێمانی: مەڵبەندی کوردۆلۆجی.

ئەحمەد، ن، ع، ٢٠٠٩، بە بەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

ئەمین، ع، م، ئەمین، هـ، چ، ٢٠٢١، زمانی یاسا لە فەرهەنگی کوردیدا، سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی دەزگای خانی و ڕێکخراوی مارگرێت.

ئەمین، هـ، چ، ٢٠١٥، دارشتەی زمانی یاسایی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران.

ئەمین، و.، ع. ٢٠٠٤، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، هەولێر: چاپی یەکەم.

بڕیار و نوسراوەکانی دادگای پێداچونەوە ژمارە ٢٠١٩/٧٢ لە ٢٠١٢/٢/٢٣ و دادگای ٣ سلێمانی ژمارە ٣١٤٠/ب/٢٠١٩ لە ٢٠١٢/٤/٤

دەستوری عێراق، ٢٠٠٥.

وەقایعی کوردستان، ٢٠١٢، بەشی یەکەم، خانەی ئەربیل بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ٢٠٠٨، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان.

یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ٢٠١٤، چاپی یەکەم، بەرگی شازدەهەم.

سایتی پەرلەمانی کوردستان، https://www.parliament.krd/business/legislation/یاساکان.

Katmab, F. & Tonman, j. 2006, Morphology, second Edition, Palgrave Macmillmn.

Tiersma Peter M., and Solan Lawrwnce M., 2012, The oxford Handbook of Language and Law, oxford university Press.